# کامێرای گالاکسی هەنگاوێک بۆ پێشەوە




لە سەرەتای ساڵی 2014دا کۆمپانیای سامسۆنگ کامێرا مۆبایلەکەی خۆی کە بە کامێرای گالاکسی ناسراوە پەرەپێدا و کامێرای Galaxy2 ی بەرهەم هێنا. ستایل و دیزاینی گالاکسی2 هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کامێرای گالاکسی1، بەڵام لە بواری هاردوێرەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە پرۆسیسەرەکە بۆتە 4 و خێراییەکەی 1.6 گیگاهێرتزە و هەروەك بەرێ 16 میگاپیکسلە و توانای گەورەکردن و هێنانە پێشەوەی 21بەرابەرە، رامەکەی دوو گیگایە و شوێنی داکردنی داتاکانی 8 گیگابایتە، هەرچەندە دەکرێت میمۆری 64 گیگابایتیشی بۆ دابندرێت. بە ئاسانی لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و بەبێ کۆمپیوتەر دەکرێت وێنەکان بۆ سەر فەیسبووك یان ئیمێڵەکەت بەرێ بکەی. هەروەها دەکرێت دەیان پرۆگرام و گەمەی ئەندرۆیدی لەسەر کامێراکە دابندرێت.



# فلاش میمۆری تەنیا بۆ مۆبایل و تەبلێت

گوڵە شەکرۆکە یان بە واتا ئینگلیزییەکەی (Flower candy)، ناوی ئەو کۆمەڵە فلاش میمۆرییە کە لەلایەن کۆمپانیای Apacer ەوە بەرهەم هاتووە. دیزاینی فلاش میمۆرییەکە سەرنجراکێشە، ئەم فلاش میمۆرییە تەنیا بۆ مۆبایل و تەبلێت دەبێت و بۆ کۆمپیوتەر نابێت چونکە سەری فلاشەکە تەنیا دەچێتە نـاو ئەو کەلێنەی مۆبایل کە کێبڵی شـەحنکردنەوەی لێدەدرێت، فلاش میمۆرییەکە خێراییەکەی زۆر باشە و زۆرتریش بۆ ئەو مۆبایلانە دەگونجێت کە سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە، دیزاین و ستایلەکەی زیاتر بۆ ژنانە دەگونجێت. بەهۆی ئەو فلاشـەوە بۆ راگواستنی فایلەکان پێویست بە بلوتوس و وای-فای ناکات دەکرێت بە ئاسـانی بیانخەیە سەر فلاشەکە و ئیدی لەسەر مۆبایلێکی دیکەیان دابەزێنی.
فلاشـەکە جۆری 8 و16 و 32 گیگابایتی هەیە، جگە لەوەش دەکرێت بەهۆی سەرێکی USB کە لەگەڵ خودی فلاشەکە دایە بۆ کۆمپیوتەر و لاپتۆپیش سوودی لێوەربگیرێ.






## سۆنی و داهێنانێکی نوێ

هەرچەندە ئێستاکە لە ئۆتۆمبێلە پێشکەوتوو و نوێیەکاندا کێشەی دەنگ و رادیۆ و دانانی فلاش میمۆری و سی دی نییە، بەڵام کۆمپانیای سۆنی ویستوویەتی لەم بوارەشدا هەنگاوێك هەڵبگرێت کە کۆمپانیاکانی دیکە ئەنجامیان نەداوە، ئەویش بەداهێنانی ئامێری XSP-N1BT ئەو ئامێرە مۆبایلە هۆشمەندەکان دەکاتە سیستەمی بڵاوکردنەوەی دەنگ لە ئۆتۆمبێلدا. لەگەڵ ئەوەیدا کە مۆبایلەکە رادەگرێت لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە لە پەیوەندی دادەبێت. بۆ گشت مۆبایلێکی سمارتیش دەگونجێت وەك ئایفۆن و سیستەمی ئەندرۆید. جگە لەوەش لە رێگای کێبڵی USB یەوە مۆبایلەکە شەحن دەکاتەوە.

## شەحنکەرەوەیەکی بچووک وزە بۆ ئۆتۆمبیلیش دابین دەکات




بێگومان رەنگە زۆرتان بەسەرهاتبێ کە لەنێو چەقی رێگادا یان لە قەرەباڵغی و ترافیکی ئۆتۆمبێلەکاندا، ئۆتۆمبێلەکەتان بکوژێتەوە، جا چونکە ئەم سەردەمە بە زۆری ئۆتۆمبێلەکان ئۆتۆماتیکن ئیدی بە پاڵدانیش هەڵنابێتەوە و دەبێت چەتاڵ بکرێت، ئەو کات گەر وایەرچەتاڵیشت پێ بێت دەبێت داوا لەیەکێك بکەیت بە خێرا خۆی چەتاڵی باتری ئۆتۆمبێلەکەت بکات، بەڵام تەکنەلۆژیای نوێ چارەی بۆ ئەمەش دۆزیوەتەوە وەك ئەم شەحنکەرەوە بچووکە کە بە جۆری Jumpack ناسراوە و لەلایەن کۆمپانیای Cobra electronic بەرهەم هاتووە. دەتوانێت وزە بە باتری ئۆتۆمبێلەکەت ببەخشێت. کە سەیری دەکەی لە شەحنکەرەوەیەکی لاپتۆپ دەچێت بەڵام لەناوخۆیدا باترییەکی 7500 میلی ئەمپێری هەیە و بە ئاسانی دەتوانێت ئۆتۆمبێلێك پێبکات. بۆ شەحنکردنەوەی، ئەم ئامێرە پێویستە سێ هەتا چوار کاتژمێر لەسەر کارەبا بێت، هەرچەندە ئەرکی سەرەکی شەحن کردنەوەیەکی سەفەری لاپتۆپ و مۆبایلە.

## چاوخشاندنێک بە ئیمپراتۆری ئۆتۆمبێلی 2013دا

لەسەرەتادا رەنگە پرسیارێك بێتەپێش کە ئایا ئۆتۆمبێل چ پەیوەندییەکی بە جیهانی ئایتییەوە هەیە، لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە ئۆتۆمبێلی ئەم سەردەمە زۆریان سمارت واتە هۆشمەندن و بەشێکی زۆری فەرمان و ئەرکەکان بە شێوەی دیجیتالی رادەپەڕێنن، هەربۆیە پەیوەندییەکی زۆری بە جیهانی ئایتییەوە هەیە.



لە پێشانگای ساڵانەی Geneva motor show کۆمپانیای Ferrari نوێترین شاکاری خۆی خستەڕوو ئەویش ئۆتۆمبێلی جۆری Laferrariیە. هەرکە سەیری دەکەی تەواو سەرنجت رادەکێشێ. ئۆتۆمبێلی ناوبراو خاوەنی مەکینەیەکی جۆری 3.6 لیتری 12 سلیندەرە کە هێزەکەی 789 ئەسپ (حصان)ە. لەگەڵ ئەوەیدا مەکینەیەکی کارەبایشی بۆ داندراوە کە هێزی 160 ئەسپە، لە ئاکامدا هێزی 949 ئەسپی هەیە. بە وتەی کۆمپانیاکە تەنیا لە 3 چرکەدا خێراییەکەی دەگاتە 100 کیلۆمەتر و لە 7 چرکەدا دەگاتە 200 کیلۆمەتر و زۆرترین خێرایشی 330 کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا. کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت باشترین و خێراترین ئۆتۆمبێلە لە مێژووی کۆمپانیاکەدا.

## زانیاریی نوێ لەبارەی م




لەم رۆژانەدا مەچەکبەند یان بازووبەندی دیجیتالی سەرنجی زۆر لە ئۆرگانی تەکنەلۆژیای نوێی بۆ لای خۆی راکێشاوە، کۆمپانیای LG وەك زۆر کۆمپانیای دیکە هەوڵیداوە لەوبوارەشدا جێ پەنجەی دیار بێت و بۆیە مەچەکبەندێکی دیجیتالی بەرهەم هێنا. بازووبەندەکە بە Lifeband touch ناسراوە، پێدەچێت ببێتە رکابەرێکی بەهێز بۆ Fuelband. ئەم جۆرە بازووبەندانە لەگەڵ مۆبایلی هۆشمەند پەیوەند دەدرێن و زانیاریی تایبەت بە چالاکییەکانی وەرزشی بۆ مۆبایل




## چاوخشاندنەوەیەک بە نوێترین تەبلێتی گەلاکسی

سامسۆنگ بە بەرهەمهێنانی زنجیرەی گەلاکسی وەك کامێرا، مۆبایل، تەبلێت..تاد خۆی هێنایە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی نوێ. نوێترین تەبلێتی گەلاکسی هەر سەر بەزنجیرەی گەلاکسی نوتە، تەبلێتەکە کە وەك گەورەترین تەبلێتی سامسۆنگ سەیر دەکرێت، شاشەی تەبلێتەکە 12 ئینجە، بەو شاشە مەزنە دەکرێت لە یەك کاتدا چەند پرۆگرامێك پێکەوە بکەیەوە یان لەیەك کاتدا تایپ بکەی و سەیری فیلمیش بکەی. کوالیتی نیشاندانەکەی زۆر لەسەرێیە. لەهەر لایەکەوە سەیری تەبلێتەکە بکەی وێنەکە کوالیتی خۆی لەدەست نادات هەتا لەبەر تیشکی خۆریش. رامەکەی 3 گیگابایتە، کامێرای پشتەوەی 8 میگاپیکسلە و هی پێشەوەی 2 میگاپیکسلە. میمۆری ناوخۆی 32 هەتا 64 گیگابایتە و دەکرێ زیاتریش بکرێت. پێنووسی هۆشمەندی جۆری S pen ی لەگەڵدایە. کیبۆردی تەبلێتەکە زۆر لە شێوەی کیبۆردی کۆمپیوتەر دەچێت. کارکردن لەسەر کیبۆردەکە بەهۆی ئەوەی کە شاشەی تەبلێتەکە مەزنترە زۆر گونجاوە، پەنجەی بەکارهێنەر بەتەواوی لەسەر شاشەکە جێی دەبێتەوە. دەیان پرۆگرامی تایبەتی تێدایە کە لە تەبلێتەکانی دیکە دا نییە، بۆ نموونە پرۆگرامەکانی ئۆفیس دەکرێت هەموو ئەرکێکیان پێ ئەنجام بدرێت.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان کەلێن واتە پۆرتی USB 2.0 و هەروەها پۆرتی USB 3.0 و ئایا جیاوازییەکە هەر لە خێرایی گواستنەوەکەیاندایە؟

خوێنەری بەرێز پۆرت یان کەلێنی USB لە کۆمپیوتەردا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بۆ پەیوەندی کردن لە نێوان ئامێرەکانی دیکە، هەروەك خۆشت ئاماژەت پێکرد گواستنەوەی زانیارییەکان لە پۆرتی USB3 زۆر زیاترە. بۆ نموونە لە پۆرتی USB2 دا گواستنەوەی داتاکان 480 میگابایتە لە چرکەیەکدا لەکاتێکدا لە پۆرتی USB3 دا لە یەك چرکەدا نزیکەی 41 هەزار میگابایت داتاکان دەگوازرێنەوە واتە دە بەرابەری پۆرتی USB2. هەربۆیە لە کۆمپیوتەر و لاپتۆپە نوێیەکاندا زیاتر گرنگی بە پۆرتی USB3 دراوە.

## ـــــەچەکبەندەکەی LGیەوە




بەڕێ دەكات، بۆ نموونە بەكارهێنەر بەهۆیەوە دەزانێت چەندە بە پێ ڕۆیشتووە، لەو ڕۆیشتنەدا چەندە كالۆریی سووتاندووەو چەندە كێشی كەم كردۆتەوە. هەروەها ئەو بازووبەندەی ئێل جی دەتوانێت كورتە پەیام یان پەیوەندیی وەڵام نەدراوە نیشـــان بدات، جگە لەوەش بە ئاســـانی لەگەڵ تەلەڤزیۆنی هۆشـــمەند پەیوەند دەدرێت و بەكارهێنەر دەتوانێ بە ئاسانی لەو پرۆگرامانەی كە تەلەڤزیۆنەكان بۆ وەرزشكردن ئەنجام دەدەن سوود وەربگرێت.



## كاتژمێری دەست بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئۆتۆمبێل

كۆنترۆڵـــی كۆمپیوتـــەر زۆر ئەركی لە كۆڵ شۆفێرەكەی كردۆتەوە، ئێستا كەم ئۆتۆمبێلیش هەیە خاوەنـــی كۆنترۆڵی خۆی نەبێت، بەڵام كۆمپانیای سامســـۆنگ لەم بوارەدا چەنـــد هەنگاوێك چۆتە پێشـــەوە و بە جۆرێك كە كۆنترۆڵـــی ئۆتۆمبێلی خستۆتە ناو كاتژمێری دەستەوە.

كاتژمێـــری ژیرۆكی سامســـۆنگ (Galaxy Gear) وەك كۆنترۆڵـــی ئۆتۆمبێلـــی BMW I لێدێت. كاتژمێری هۆشـــمەندی سامسۆنگ هەر كۆنترۆڵێكـــی ئاســـایی نییە بگـــرە زانیاریی ورد لەبارەی تەمەنی باتری، خێرایی لێخوڕین، داخستن و كردنەوەی دەرگاكان، ڕێككردنی كەشوهەوای ناو ئۆتۆمبێلەكە لە ڕێـــگای دوورەوە ئەنجام دەدرێت، تەنانـــەت دەكرێت بە دەنگی خـــۆت فەرمانی پێ بكەی كە ئۆتۆمبێلەكە هەڵبكرێت یان بكوژێتەوە.

## سایتێک وێنەکانت دەکاتە کاریکاتێر



ســـایتگەلێكی زۆر هەن كە ئەركیان دەســـتكاری كردن و دانی ئێفێكتی جۆراوجۆر بە وێنەیە، ســـایت هەیە دەتوانێت هەروەك فۆتۆشـــۆپ و پرۆگرامی دیكە لەودا وێنەكانت دەســـتكاری بكەی و ســـایتیش هەیە وێنەكانتان دەكاتە وێنەی ڕۆمانســـی.. زۆر جار ئەو ســـایتانەمان بە ئێوەی خوێنەر ناساندووە.

ئەم جارەیان ســـایتێكتان پێ دەناسێنین كە ئەركی ئەوەیە وێنەكانتان بكاتە وێنەی كاریكاتۆر و گاڵتەئامێز. سایتی www.pizap.com سایتێكە كە ئیفێكتی گاڵتەئامێز لەســـەر وێنەكانتان دادەنێ، ئەركەكانی ســـایتەكە هەر بەوەندە ناوەستن، بەڵكو باكگراوەندی سەرنجڕاكێش چێ دەكات، یان ڕۆژمێرێك بە وێنەی خۆتان چێدەكات و ئەنجامدانی دەیان ئەركی دیكە. تەنیا ئەوەندە بەسە كە سایتەكە دەكەیەوە و دواتر دوگمەی start دابگرە و ئەوكاتە دەچیە ناو چوارچێوەی دەستكاری كردنی وێنە. ئەم سایتە زۆر سەرنجڕاكێشە و دەتوانن تەنیا بۆ تاقیكردنەوەش بێت سەردانی بكەن.